**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە(1)ی مادده (56)ی یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (13)ی رۆژی 2008/5/5یدا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرچوواند:

## یاسای ژمارە( 4 )ی ساڵی 2008

## یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان - عیراق

**ماددەی یەکەم:**

زەوی کشتوکاڵ و رووەك و باخ و دارستان و لە وەرگاو سامانی ئاژەڵ وبەروبوومەکانی و سەرچاوەکانی ئاو وئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ سامانی نیشتمانین، پێویستە خاوەن و پەیوەندیدارەکانیشیان بەپێی پلان و بەرنامەی دەسەڵاتەکانی هەرێم وەبەریان بهێنن و چاودێرییان بکەن و، پەرەیان پێبدەن و رێگا بە هیچ شتێك نەدەن ببێتە مایەی لەناوچوون و زیان لێدانیان.

**ماددەی دووەم:**

لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمە:

**یەکەم:** کار لە پێناو بووژاندنەوەی گوندا بکەن و بەپێی سیاسەتێکی ئیستراتیژی هاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا بکەن و جوتیار هانی کۆچی پێچەوانەوە بەرەو گوند بدەن.

**دووەم:** جوتیاران هۆشیار بکرێنەوەو بەرەو بەکارهێنانی زەوی بە باشترین شێوە رێنمایی بکرێن.

**سێیەم:** بۆ دابین کردنی ئاوی ئاودان لە حاڵەتی نەهاتی ووشکە ساڵیدا بەربەستی خۆڵین و دەریاچەی سروشتی دروست بکرێن.

**چوارەم:** کردنەوەو پەرەپێدان و قیرتاوکردنی رێگاو بان بۆ ئەوەی جوتیاران بە ئاسانی بە باخەکانیان بگەن و بۆ بازارکاری بەروبوومەکانیشیان یارمەتی بدرێن.

**پێنجەم:** پیشەسازی گۆرانکاری و تەواوکەر(الصناعە التحویلیە أو التکمیلیە) هانبدرێت کە پشت بە بەروبوومی کشتوکاڵی خۆماڵی دەبەستێت.

**شەشەم:** بەشداری لە دابین کردنی ئەو پێداویستییە پێویستیانە بکرێ کە کەفائەتی بەرزیان لە بەرهەمهێناندا هەیەو پشتگیری بکرێن.

**حەوتەم:** رێکخستنی کردەوەکانی بازارکاری ناوەخۆو دەرەکی بەپێی نەخشەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی بازرگانی و دارایی وئابووری لە باری رێکخستن و کۆنترۆڵ کردنی هێنانی ئەو بەروبوومانەی کە هاوشێوەی ئەوانەی هەرێمن.

**هەشتەم:** دروست کردنی عەمباری ساردکەرو بەفرگر(المبردە والمجمدە) لە هەرێمدا هانبدرێن.

**نۆیەم:** کار لە پێناو قەرەبووکردنەوەی خاوەن شینایی و پرۆژە کشتوکاڵییەکان بکرێت، لە حاڵەتی لە ناوچوون یا زیان پێ گەیاندنیان لە ئەنجامی کارەساتی سروشتی یاخود هێزێکی لە رادەبەدەر.

**دەیەم:** بەشداری کردن لە زیادکردنی رووبەری زەوی بەراو ودابین کردنی ئەو ئامێرانەش کە لە بەکارهێنانی پاشکەوت کردنی ئاودا بەکاردێن.

**یانزدەم:** لە رێگای قەرزدان و ئاسانکاری بانکییەوە بەشداری لە دروست کردنی سەرمایەی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی وەبەرهێنەرە نیشتمانییەکان بکرێ.

**دوازدەم:** پشتگیری بەروبوومە ستراتیژییەکان بکرێ.

**سیانزدەم:** فەرمانبەرە کشتوکاڵییەکان وەك سەرپەرشت بەسەر پرۆژە کشتوکاڵییەکانەوە دابمەزرێن، لەوانەی کە بڕوانامەی زانستی کشتوکاڵییان بەدەست هێناوە، بە خاوەن بڕوانامەی دواناوەندیی کشتوکاڵییەوە تا بەرزترین ئاستی زانستی کشتوکاڵی.

**ماددەی سێیەم:**

لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵ و خاوەن زەوی و جوتیارو کەشتیارو ئەوانەی پەیوەندییان بە کشتوکاڵەوە هەیە، هەریەکەو بەپێی پسپۆڕایەتی و دەسەڵاتی خۆی ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

**یەکەم:** بایەخ بە زەوی کشتوکاڵی بدرێت و، بۆ جگە لە مەبەستەکانی کشتوکاڵ بەکار نەهێنرێت یا بەبێ چاندن بەجێ نەهێڵدرێت و رێگا نەدرێت بە هیچ شتێك پەیتی کز بکات یا بڕشتی کەم بکات.

**دووەم:** پەیڕەوکردنی شێوازی زانستی نوێ لە کردەوە کشتوکاڵییەکاندا.

**سێیەم** : ئامرازە پێویستییە کەفائە بەرزەکان لە بەرهەمهێناندا بەکاربهێنرێن.

**چوارەم:** بایەخ بە مەکینە وئامێرو ترۆمپا کشتوکاڵییەکان بدرێت و بیرو کارێزو کانیاوە سروشتییەکان و ئامرازو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی دیکەش لە زیان پێکەوتن بپارێزرێن.

**پێنجەم:** بایەخ بە شینایی هەر لە کاتی چاندییەوە تا کاتی دروێنە یاخود لێکردنەوە بدرێت و، رێگە بە هیچ شتێك نەدرێت لە ناویان ببات یا زیانیان پێ بگەیەنێت و لە زیندەوەرە زیانبەخشەکانی کشتوکاڵ و سووتان و لافاویش بپارێزرێن.

**شەشەم:** سامانی ئاژەڵی و ماسی و پەلەوەرو مێرووی سوودبەخش بپارێزرێن و چاودێری بکرێن و لە هەموو ئەو شتانە بپارێزرێن کە زیانیان پێ دەگەیەنێت.

**حەوتەم:** پێڕەوکردنی سیستەمی خولەکانی کشتوکاڵی و، دەستنیشان کردنی ئەندازەی ئەو پانتاییانەی کە لەهەر ناوچەیەکدا پێویستە بە بەروبوومی دیارکراو بچێنرێن. هەروەها دیارکردنی جۆرەکانی تۆو وپەیین و و قڕکەری بوونەوەری زیانبەخش و وادەکانی بەکارهێنانیان بەپێی پلان و رێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ.

**هەشتەم:** پاراستن و خزمەتکردنی باخەکان و بەرو میوەکانیان تا پێدەگەن و دەبرێنە بازاڕ نابێ پشت گوێ بخرێن.

**نۆیەم:** پێرۆ کردنی سیستەمی عەمار کردنی دروست وبێ وەی بۆ بەروبوومەکان.

**ماددەی چوارەم:**

پارێزگار دوای وەرگرتنی رای بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگادا لیژنەی تایبەت بۆ چاودێری وبەدواداچوونی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێك دەهێنێ، ئەمەش بەپێی چەند رێنماییەك کە وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمدا دەری دەکات.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر کارگە و سەنعەتگاکان. لەوانەی کەبەروبوومی کشتوکاڵ وەك کەرەستەی خاو لە سەنعەتی کشتوکاڵیدا بەکاردەهێنن، کەرەستەی خۆماڵی ئەگەر فەراهەم ببێت بەکاربهێنن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەگەر جوتیار یان ئەو کەسەی زەوییە کشتوکاڵییەکەی یان باخەکەی بەدەستەوەیە، یان ئەو کەسەی بەرپرسە لە بەرێوەبردنی، ملی نەدا ((امتنع)) بەبێ پاساوی بەجێ ـ زەویەکە بکێڵێ و بیچێنێ یان خزمەتی نەکرد، ئەوا پارێزگار بۆی هەیە زەوییەکە بە بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ بسپێرێ، بۆ ئەوەی چۆنی بەچاك دەزانێ ئاوەها کشتوکاڵی لەسەر بکات و، سوود لەبەرومیوەو وشکەڵی (أحطاب) وەربگرێت، بەبێ ئەوەی خاوەنەکەی مافی داوا کردنی کرێی هاوتای هەبێت، بەلاَم ئەگەر لە کۆتایی وەرزەکەدا بەڵێن بدات کە بەشێوەیەکی دروست زەوییەکەی وەبەردێنێ و خزمەتی دەکات، ئەوا زەوییەکەی پێ دەدرێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم:** سەرۆکی یەکەی کارگێری بۆی هەیە داوا لە دادگای پەیوەندیدار بکات، لەو تاوانانە بپێچێتەوە کە دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون.

**دووەم:** ئەو بڕیارانەی بەپێیی بڕگەی(یەکەم)ی سەرەوە دەرچوێندراون، لەبەردەم دادگای تاوانەکانی ناوچەکەدا بەر تانە دەکەون و، بڕیارەکەشی لەم رووەوە بنبڕە.

**ماددەی هەشتەم:**

دادگای بەرایی ناوچەکە، تایبەتە بە تەماشاکردنی داواکانی زێدەرۆیی لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و باخەکان و داواکانی ناکۆکی سنوورەکانیان و ئەو مافانەش کە تێیان دەکەوێت، پەیوەندیدارەکانیش بۆیان هەیە لە ماوەی پانزدە رۆژ، لە رۆژی پێڕگەیاندنەوە لە بەردەمی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکەدا بەسیفەتی پێداچوونەوە بڕیارەکە رەتبکەنەوەو، لەم رووەوە بڕیاری دادگا بنبڕە.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** خاوەن زەوی یا جوتیار یا کەشتیار یا ئەوەی پەیوەندی کشتوکاڵی هەیە ئەگەر سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو بەیاننامانە بکەن کە لەسەری دەرچوون، ئەوا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێن کە لە ساڵێك پتر نەبێت یا بە غەرامەیەك سزا دەدرێن کە لە حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار پتر نەبێت یا بە یەکێك لەو دووسزایە.

**دووەم:** فەرمانبەری کشتوکاڵی کە سەرپەرشتە بەسەر پرۆژە کشتوکاڵییەکانەوە ئەو سـزایەی بەسەردا دەدرێت کە لە بڕگە(یەکەم)ی سەرەوەدا هاتووە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بووبێتە هۆی سـەرنەگرتنی پرۆژەکە یان زەرەرێکی گەورە لە پرۆژەکە. بە هاوکاری لەگەڵ خاوەن پرۆژەکەدا، ئەگەر پێشتر فەرمانگەکەی ئاگادار نەکردبێتەوە و ئینزاری بە خاوەن پرۆژەکە نەدابێت.

**سێیەم:** هەر فەرمانبەرێك یان كرێكارێك بە كەمتەرخەمی یان بە ئەنقەست لە بەجێهێنانی ئیشەكەیدا، بووبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەروبومی كشتوكاڵ سزای بەند كردنی دەدرێت بۆ ماوەیەك لەشەش مانگ زیاتر نەبێت یان بە غەرامەیەك لە چوار سەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ قەرەبوو كردنەوەی زیانەكە.

**چوارەم:** ئەگەر رەفتارێك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم مادەیەدا نەگونجاو. تاوانێكی لێكەوتەوە سزاكەی بە پێی یاسایەكی دیكەی كارپێكراو لە هەرێمدا گرانتر بێت، ئەوا كام دەقیان سزاكەی گرانتر بێت، ئەوەی بەسەردا دەسەپێت.

**پێنجەم:** دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزیری كشتوكاڵ ئینجا داوا لەسەر فەرمانبەری سەرپێچیكار بەپێی برِگەكانی (دووەم و سێیەم) دەكرێتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

جێبەجێ كردنی یاسای فیدراڵی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی كشتوكاڵی و سامانی ئاژەڵ ژمارە(71)ی ساڵی/1978 لە هەرێمی كوردستان – عیراق رادەگیرێ.

**ماددەی یانزدەم:**

وەزیری كشتوكاڵ بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی دوانزەم:**

كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یا بریارێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی سیانزەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی چواردەم:**

ئەم یاسایە دوای نەوەد رۆژ لە رۆژی بلاَوكردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

**عدنان موفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان ـ عیراق**

## هۆكاره‌ پێویستیه‌كان

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ زه‌وی وزاری كشتوكاڵ و باخ و جه‌نگه‌ڵ و له‌ وه‌ڕگـای خۆڕسـك و سامانی ئاژه‌ڵ، هه‌روه‌ها ئامرازو ئه‌ده‌واتی به‌رهه‌مهێنانی كشتوكاڵییش، له‌ مه‌كینه‌و ئـامێرو ترۆمپای ئاوو بیرو كارێزو كانیاوی سروشتی كه‌ پێوه‌ندیی به‌و سامانه‌وه‌ هه‌یه‌، بـه‌ به‌شـێك له‌ سامانی نیشتمانیی كوردستان له‌ قه‌ڵه‌م ده‌درێن، جا به‌هۆی خراپ به‌رهـه‌مهێنانی زه‌وی و زاری كشتوكاڵ و دواكه‌وتنی هه‌ردوو كوچكه‌ی به‌رهه‌مهێنانه‌ كشتوكاڵیه‌كه‌ له‌ ئه‌نجامی به‌سه‌رهاتی هه‌لومه‌رجی نا هه‌موار كه‌ به‌سه‌ر كوردستاندا هات و گونده‌كان وێـران كـران و، له‌و ساڵانه‌ی پێشتردا گه‌مارۆی دوولایه‌نه‌ به‌سه‌ر ناوچه‌كه‌دا دراو، له‌بـه‌ر زه‌رووره‌تـی به‌رژه‌وه‌ندی گشـتی و، لـه‌ پێنـاوی گاڵـدانی به‌رهـه‌مهێنانی زه‌وی وزاری كشـتوكاڵ بـه‌ شێوازێكی زانستانه‌ و دروست و، بۆ زۆرتر كردن و چاكتر كردنی به‌روبوومی كشـتوكاڵ و، پاراستنی به‌رهه‌می كشتوكاڵی مه‌حه‌للی، بۆیه‌ ده‌رچواندنی ئه‌م یاسایه‌ به‌ پێویست زانرا بۆ ئه‌وه‌ی به‌كارهێنان و وه‌بـه‌رهێنانی ئـه‌و سـامانانه‌ به‌شـێوه‌یه‌كی زانسـتی و بـه‌ گـوێره‌ی ئامانجه‌كانی په‌ره‌پێدانی نیشـتمانیی كوردسـتان دابـین بكـات و خاوه‌نـه‌كانیان و ئه‌وانـه‌ی ره‌فتاریان له‌سه‌ر ده‌كه‌ن و به‌رپرسیاران له‌ به‌ڕیوه‌بردنیان رابسپێردرێن تا بایه‌خی پێ بـده‌ن و په‌ره‌ی پێ بده‌ن و پشتگوێی نه‌خه‌ن و تووشـی له‌ناوچـوونی نه‌كـه‌ن، بۆیـه‌ ئـه‌م یاسـایه‌ ده‌ركرا.

---

تێبینی/ ئه‌م یاسایه‌ به‌بریاری ژماره‌ (14)ی سـالی 2008 له‌لایـه‌ن سـه‌رۆكی هـه‌رێمی كوردستانه‌وه‌ ده‌رچوێنرا